www.kurdistannet.org
11:16 2006-12-11بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## مەلاو فەشەل پێ هێنان... وەلامێک بۆ جعفرگوانی ... مەلا محمد گەرمیانی

ماوەیەكە هەندێ كەس هەڵكەوتوون، دەیانەوێت خۆیان بكەن بەدەم راست وچاوساغ ورێ نیشاندەری زانایانی ئایینی، نەك بۆ شتێك تەنها بۆ دەرخستنی خۆیان و پەیداكردنی ناوو شۆرەت... !

بۆ ئەوەی خۆیان ئاشنا بكەن بەخەڵك وهەندێ كەس ئافەرینیان بۆ بكات، هەر رۆژێ پەلاماری لایێك دەدەن و خۆیان دێنە پێش، ئەوجا شتەكە راستە یا چەوتە، ئەمە كاری ئەوان نیە. !، سودی هەیە یا ناحەزان دەیقۆزنەوە ئەمە گەلێ گرنك نیە.. !.

لە پەلارە سەر شێتەكانی ئەمجارەی یەكێك لەم (هەڵكەوتوانە... !) كە (جعفر گوانی) ی ئیمرۆو (ملاجعفر) ی دوینێ یە، بابەتێكی نووسی بوو لە ژمارە (267) ی هەفتەنامەی (میدیا) بەناوی (مەلاو فەشەل هێنان)، كە جێگای سەرسورمان و هەڵوەستە لەسەر كردنە.:

سەیرە ئەم بەرێزە هەرجارەو لەسەر پەتێك یاری دەكات... !

رۆژێك هانی خەڵك دەدات دەنگ بۆ دەستوری هەرێمی كوردستان نەدەن، گوایە لایەنی ئایینی رەچاو نەكردووە، بەمەش دڵە راوكێ ودووبەرەكی دروست دەكات لەناو ریزەكانی گەل و، ئەمرۆش بۆ دڵخۆشكردنی ناحەزو نەیارانی زانایانی ئایینی، پەلار لەزانایانی ئایینی دەدات. !!!.

من نالێم زانایانی ئایینی هەڵە ناكەن، چونكە كەس معێوم نیە لەهەڵە، هەر كەسێك هەڵە نەكات دەبێتە فریشتە!

گەر سەیری قورئانی پیرۆز بكەین لەچەندەها شوێن خوای گەورە گلەیی لێ كردووە (عبس وتولی) و (بەدیلگیراوەكانی بەدر) شایەدی ئەمەن. !.

بەڵام هەر ئیمرۆ نیە جعفر گوانی داخ لەدڵە بەرامبەر چینی زانایان... !، ئەمە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمانی دوای راپەرین، دەگەرێتەوە بۆ ئەو قوتابخانەیەی لەسەری پەروەردە بووە (بەخۆی باش دەزانێت مەبەست كامە قوتابخانەیە... !)، زادەی ئەو پەیرەوەیە كەماوەیێكی زۆر پەیرەوی دەكرد... !.

ئەو سێ نموونانەی باسیان لێوە دەكەیت، بەچ ویژدانێك توانیت بیانكەیتە قیاس لەسەر هەموو زانایان.. !، ئایا دەزانی ئەم جۆرە (قیاس) انە كارو پیشەی كێن... ؟! ئیستا زانیت بۆ دەڵێم داخ لەدڵی بەرامبەر زانایان. ؟!.

هەرچەندە دڵنیام ئەو مەلایانەی تۆ باست كردوون، بە پیشە مەلا نین، بەڵكو قورئان خوێنن... !!.

پێم سەیرە جعفر گوانی ئامۆژگاری وەزارەتی ئەوقاف دەكات چی بكات وچی نەكات، كەواتا من لێرەوە داوا دەكەم بكرێتە (مستشار) ی جەنابی وەزیر... !!. چونكە بەراستی خاوەن بیرو فیكرەییێكی نوێیە.

كاك جعفر.. جەنابت رەخنە لە یەكیەتی زانایان دەگری كە سەر بە حیزبە، باشە جەنابت كادیرێكی بەرزی ئەم رێكخراوە تێكۆشەرەی، بۆ هەوڵێست وەرناگریت؟، بۆ هەوڵی چاكسازی نادەیت؟لەجیاتی ئەوەی خەریكی پەلاری نارەوا بیت بۆ ئەم وئەو، خۆت خەریك بكە بە چاكسازییەكان.. !.

دەڵێی. هەندی مەلا وەرنەگیراون بەئەندام، حەز دەكەم بزانیت یەكیەتی زانایان هەستی نەتەوایەتی هەیەو، كەس ناتوانێت موزایەدە ی ئەم خاڵەی لەسەر بكات، بەڵام وادیارە جەنابیشت پشتگیرو پاڵپشتی كەسانی وەكو (ملا اسماعیل سوسەی) یت. !، بێ گومان ئەم جۆرە كەسانە جێگایان نابێتەوە.

لەكۆتای داواییێك لەحكومەتی هەرێم دەكەم و دەڵێم:. هەی دادو بێ داد لەدەست (جعفر گوانی) بەناو مەلا.

جعفر گوانی بەم بابەتەی، یەك شتی سەڵماند ئەویش:. تا ئێسقانەوە داخ لەدڵە بەرامبەر زانایانی ئایینی وهەڵگری هەمان فیكرە سەردەم بەسەرچووەكەیەتی و، قور بەسەر ئەو رێكخراوەی یەكێكی وەكو گوانی كادیریەتی... !.

www.kurdistannet.org

11-12-2006 11:16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

داواکارم وەزارەتی ئەوقاف ویەکیەتی زانایان دەرفەت نەدەن بەکەسانی وەکو ئەمانە ببنە وتەبێژیان ... !!.

M_Garmiani_2003@yahoo. com